# کارامەیەکانی ئەکادیمی

## وانەی ( 3 )

## کارامەیی  بەڵگە دروستکردن( ئارگومێنتەیشن )

ئامادە کردنی ماموستایان

د. جوان زرار فتح الله

م. هێژا حامد مصطفی

# کارامەیی دیبیەیت وبەڵگەدروست کردن Debating & Argumentation



# components of an argument پێکهاتەکانی بەڵگە دروستکردن

## Components of an Argument پێکهاتەکانی بەڵگەدروستکردن

- قوتابییان ئاشنابکرێن بەوەی کە ئارگیومێنتی تەواو دەبێ سێ پێکهاتە لەخۆ بگرێت:

١. ئەو ڕایەی کە دیبەیتەر بە جەماوەری دەگەیەنێت (Statement of Possible truth

واتە قوتابیان ڕابهێنرێن لەکاتی دیبەیت کردندا بەو ئەنجامگیرییە دەست پێبکەن کە پێی گەیشتوون

جگەرەکێشان ژیانی کەمترە لە نێرگەلە کێشان

٢. پاڵپشتکردنی بۆچوونەکەت (Supported for the Statement)

گرنگە قوتابیان ڕابهێنرێن کاتێک بۆچوونێک دەخەنەڕوو توانای پشتیوانی کردنی ئەو بۆچوونەیان هەبێت

بە پشتڕاستکردنەوەی زانستی نەک بەبیروباوەڕ (ئاماژەدان بەتوێژینەوە، ڕاپرسی، داتای کۆکراوە)


بەپێی توێژینەوەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیWHO کێشانی نێرگەلەیەک=کێشانی ١٠٠جگەرە

٣. بایەخی ئەم بۆچوونە لای جەماوەر ( Explanation of why the audience

(should care about the Statement

بەخستنەڕووی بایەخی بۆچوونەکەت ئەوە بەجەماوەر دەگەیەنێت بۆچی ئەم بابەتە لای ئەوان جێی

بایەخ بێت؟ «So what?»


Components of an Argument
ARGUMENT
CLAIM
WHAT YOU ARE TRYING TO PROVE
WARRANT
THE EVIDENCE FOR WHY THE CLAIM IS TRUE
IMPACT
WHY IT MATTERS

# ڕەگەزەکانی ئارگومێنت :

ئارگومێنت  لە چەند ڕەگەزیکی سەرەکیی پێکدیت کە بریتین لە :بانگەشە و پاڵپشت .بۆ پاڵپشت ( یان پشتگیریی ) پێویستە دوو پێکهاتەی سەرەکیی بونیان هەبێت ئەوانیش :بەڵگە و ڕونکردنەوەن .

1- **بانگیشە** :لەهەمان کاتدا بە بیردوز یان تیزەکی ئارگۆمینتانە ناسراوە , لە بنچینەدا بریتییە لەو دەربرین و وتانەی پیویستیان بە پالپشتیکردنی هەیە بەهوی خستنە رووی بەلگە و هوکاری تاییەت و پیویست  تاوەکو وتەو دەربرینەکان وەکو راستیی وەربگرین .

**جۆرەکانی بانگیشە :**

أ- **بانگەشەی راستیی** :سووربوون نیشان دەدات لە سەر ئەوەی چی راستەقینەیە یان راستەقینە نیە .

ب-**بانگەشەی ناسنامە** :بریتیە لە خستنە رووی وتەو  مکوریی لە مەر ئەوەی بابەتیك یان شتیك چییە.

ت - **بانگەشەی هۆ-ئە نجام** :ئەوە دەخاتە رووکە "چۆن "و " بۆ چی" شتەکان  روودەدەن .

پ- **بانگەشەی بەها** :بریتییە لە دادوەری کردن و بڕیاردان.

ج-**بانگەشەی پێشنیار**:جەخت دەکاتەوە لەوەی کە  پێویستە چی ئە نجام بدریت.

2- **پاڵپشت** :( یان پشتگیری ) بۆ ئەو هۆکارو بەڵگانە دەگەڕیتەوە کە کەسیك دەیا نخاتە روو بۆ مەبەستی قایلگردنی بەرامبەر،تا بانگەشەکە پەسند بکات و بە دڵی بیت .

3- **بەڵگە** :بریتیە لەو زانیاریانەی ،بانگەشە پشتراست دەکاتەوە،یان بە شێوەیەکی بەهیز ئەوئاماژانە دەخاتەروو،کە بانگەشە راست و دروستە،بەڵگە چەندین شت دەگریتەوە :قسە و بۆچونی شارەزایان وزانایان ،ڕاستی وزانیاری و ئامار ،مێژوو وسەرچاوە مێژووییەکان ،ئەزموونی کە سیی ، نموونەیەکی تاییەت،و....هتد.

4- **ڕوونکردنەوە**:ئاشکرایە ،هەموو بەڵگەیەك پیویستی بە روونکردنەوە هەیە . ئەمەش لە دوو دۆخدا گرنگن:کاتێك بەڵگە تەواو روون نیە و کاتێکیش،کە شتە پەیوەستەکانی بەڵگەکە پێویستیان بە روونکردنەوەو وردەکاریی زێتر هەیە .

# جیاکردنەوەی زانیاری پەیوەندیدار لە زانیاری ناپەیوەندیدار بە بابەتەکەوە

- گرنگە قوتابییان ڕابهێنرێت لەسەر جیاکردنەوەی زانیارییە پەیوەندیدارەکان بەبابەتەکەوە لەو زانیارییانەی کە پەیوەندی بەبابەتەکەوە نییە، کە زۆرجار دیبەیتەر بە ئاگایی یان بێ ئاگایانە پەنای بۆ دەبات بە دووشێواز:

١.پشت بەستن بەهێز یاخودترساندن: هەڕەشە لەبەرامبەر دەکرێ لەکاتێکدا هاوڕا نەبی لەگەڵی. نمونە(ئەگەر تۆ باوەڕ بەم بۆچوونە نەکەی مانای تۆ کەسێکی لەهیچ تێناگەی، کۆنەپەرستی، خۆفرۆشی، بێباوەڕی، ناپاکی...هتد)

٢. تێکەڵکردنی بابەتەکە بەهەست وسۆز: هەوڵدەدری کار لە بیرکردنەوەی بەرامبەر بکرێ لەڕێگەی جولاندنی هەست و سۆزییەوە. نمونە (ئەم بۆچوونە لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردی یەك ناگرێتەوە)، (چۆن دەکرێت ئێمەی کورد بەو هەموو مرۆڤدۆستییەوە میواندراری ئاوارە عەرەبەکان نەکەین؟)(مرۆڤی موسڵمان بەمجۆرە نادوێ)....هتد

سوپاس بو هەمووان